# لە فینلەندا رێز لەبەهمەن قوبادی دەگیرێ



هاوکات لەگەڵ نمایشی فیلمی سینەمایی (کەس لە پشیلە ئێرانییەکان خەبەری نییە)، لەفیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی (میدنیات سان) لە فینلەندا رێزی تایبەت لەبەهمەن قوبادی گیرا.

فیلمی سینەمایی (کەس لە پشیلە ئێرانییەکان خەبەری نییە) لەدەرهێنانی بەهمەن قوبادی لە میانەی (٢٥)مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی (میدنیات سان) MIDNIGHT SUN لە شاری هێلسینکی لەوڵاتی فینلەندا نمایشکراو هەروەها رێورەسمی رێزلێنان بۆ بەهمەن قوبادی سازکرا کە تیایدا فیلمە بڵندەکانی دیکەی ئەم سینەماکارە نمایشکران، لەوانە: فیلمی سینەمایی (ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان)، فیلمی سینەمایی (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن)و فیلمی سینەمایی (نیوە مانگ).

فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی (میدنیات سان) ساڵی ١٩٨٦ دامەزراوەو (٢٥)مین خولی ئەم فیستیڤاڵە لە رۆژانی (١٦ تا ٢٠)ی جوون بە ئامادەبوونی فیلمسازی بە رەگەز تورکی دانیشتووی ئەڵمانیا (فاتیح ئاکین)و بەنمایشکردنی کۆمەڵێک فیلم لەسینەماکارانی ناوداری دنیا بەرێوەچوو، لەوانە: فیلمی سینەمایی (تێترۆ) لە دەرهێنانی (فرانسیس فۆرد کاپۆلا) ، فیلمی سینەمایی (کۆپی وەکوو ئەسڵ) لە دەرهێنانی عەباس کیارۆستەمیو چەندین فیلمی سینەمایی دیکە.

فیلمی سینەمایی (کەس لە پشیلە ئێرانییەکان خەبەری نییە) لەدوایین بەشداری نێونەتەوەیی خۆیدا لەبەرنامەیەکی تایبەتدا بە دروشمی (تەنیا بۆ رۆژێک با هەموومان ببینە پشیلەیەکی ئێرانی)و بە ئامادەبوونی وەزیری فەرهەنگی فەرەنسا رۆژی ١٣ی جوون لە سینەما تێکی شاری پاریس لەوڵاتی فەرەنسا نمایشکرا.

# (سێوەکەی خۆم)ی کارۆخ ئیبراهیم دێتە بەرهەم



بۆ نمایشکردنی بەرهەمی ساڵی (گرووپی گەنج بۆ شانۆ)، ئامادەکارییەکانی شانۆگەرییەکە دەستیان پێکردووە، کە لەقۆناغی سەرەتایی کارەکەدا چل کەس کار بۆ ئامادەکارییەکانی شانۆگەری (سێوەکەی خۆم) دەکەن.

شانۆگەری (سێوەکەی خۆم) کە لە نووسینو دەرهێنانی (کارۆخ ئیبراهیم)ە، بەرهەمی ساڵی (گرووپی گەنج بۆ شانۆ) یە . لەئێستا رۆژانە قۆناغی مەشقو راهێنان پێنج کاتژمێر بەدوو کاتی جیاواز لەلایەن چل کەس لەستافی شانۆگەرییەکە کاری لەسەر دەکرێت.

نووسەرو دەرهێنەری شانۆگەرییەکە کارۆخ ئیبراهیم سەبارەت بە شانۆگەری (سێوەکەی خۆم) گووتی: "سێوەکەی خۆم، لەسێوی هیچ کەسێک ناچێت، سێوێک نییە دوێنێ بۆ کەسێک مێخەک رێژ کرا بێت، یان کرابێتە دوو لەتو هەر لەتێکی لای کەسێکی تر بێت، یاخود سێوەکەی (ئادەمو حەوا)ش نییە کە بەهۆیەوە گوازرانەوە بۆ ناو قۆناغێکی پڕ لەململانێو ئاڵۆزیو جەنجاڵی، سێوەکەی خۆم... ناخی هەر تاکێکە کە بەردەوام لەگەیشتنو وەستاندایە، بیستنی ئاوازەکانو جووڵەی هەر یەکێک لە کەسەکان خانەیەکە بۆ پێکهێنانی سێوەکەی خۆم، لەکەسێکدا خانەکان دەبینن، ئەوکاتە هەست بە لەدایکبوونی سێوێکی تر دەکەن، هەست بە ناوئاخنی ویژدانو ئەو رەحمەی لێی لەدایک دەبین دەکەین".

هەروەها دەرهێنەر سەبارەت بەناوەرۆکو رووداوەکانی نێو شانۆگەرییەکە گووتی: "کچێک شوو بەپیرەمێردێک دەکات، جیاوازی تەمەنو پەروەردەی منداڵیو هۆکاری کۆمەڵایەتیو دەرئەنجامی شەڕو ئیستیغلالکردنی دەوروبەرو بەکارهێنانی بۆ مەرامە تایبەتییەکان، رووداوە یەک لەدوای یەکەکانی (سێوەکەی خۆم)ن".

لەم شانۆگەییەدا هەریەک لەئەکتەرەکان (سەلام کۆیی، سایە حسێن، بەهمەن حاجی، دیار عومەر، سامان عومەر، هەردی ئەنوەر) رۆڵی تێدا دەبینن. هەروەها سەرپەرشتیاری گشتی کارگێڕیو دارایی (ئاشتیڤان سەلام)ئەنجامیدەدات. یاریدەدەرانی دەرهێنەریش پێکهاتوون لە (رەگەز ئیسماعیلو کاریان شێرکۆ). هەروەها بەڕێوبەری شانۆ (شوان کاوە)یە.

کاری پەیکەرسازی تایبەت بەدیکۆری شانۆگەرییەکە لەلایەن هەریەک لە (سامان هیدایەت، کارزان ئەحمەد، رەنج ئیبراهیم، شێرکۆ سەلاحەددین) ئەنجام دەدرێت. هەروەها (شیاو کەمال)مۆسیقای کارەکەی داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لە (شیاو کەمالو هۆگر عەزیز) کاری دابەشکردنی موسیقا ئەنجامدەدەن، کە مۆسیقای کارەکەش لە بیستو دوو تراک پێکهاتووە، بۆ ئەمەش بەشێوەیەکی ئەکادیمیو پرۆفیشناڵ بەبەشداری پانزە موزیکژەنو ئەندازیارانی دەنگی کاری موزیک ئەنجامدراوە.

# فیلمێکی دۆکۆمێنتی بەناوی (لەپێناوی نەدا)دا

بەم نزیکانە کەناڵی تەلەفیزیۆنی (HBO)ی ئەمریکی تازەترین فیلمی دۆکیومێنتاری بەناوی (لەپێناوی نەدا) پێشکەشدەکات. فیلمەکە باس لەژیانی نەدا ئاغا سوڵتان، ئەو کچە تەمەن بیستو شەش ساڵەی هاوینی ٢٠٠٩و لەگەڵ ئاپۆرای خەڵکانی تووڕەو ناڕازی ئێراندا رژانە سەر شەقامەکانو دژ بەساختەکاری لەهەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نەژاد بەشداری خۆپیشاندانەکانی کرد. دەرهێنەری بریتانی ئەنتۆنی تۆماس دەڵێت: کوشتنی ئەو کچە بەو شێوە خوێناوییەو نمایشکردنی لەسەر شاشەکان بۆ هەموو جیهان وایکرد ببێتە سومبولێک بۆ ئەو بزووتنەوە ناڕازییەو کاریگەرییەکی زۆری بەجێهێشت لای زۆرێک لە ئازادیخوازانی جیهان. تۆماس دەڵێت: ئەو لەبەشداریکردنی لەخۆپیشاندانانەدا تەنیا یەک مەبەستی هەبوو، کە بریتیبوو لەدەستخستنی ئازادی زیاتر بۆ ئێرانییەکان. بۆ یەکەمجاریشە لەم فیلمە دۆکیومێنتارییەدا چاوپێکەوتنی دایکو باوکو براو خوشکەکانی نەدا دەکرێتو لەناو ئێراندا وێنەشی گیراوە. بڕیاریشە فیلمەکە لەوڵاتانی فەرەنساو بریتانیاو چەندین وڵاتی دیکە نمایش بکرێت. دەرهێنەری فیلمەکە لەم فیلمەدا دەیەوێت نەدا وەک پاڵەوانێکی ئازادیخواز بخاتە ڕوو، ئەمە لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی ئێران دەڵێن



کە نەدا بە فیشەکێک کوژراوە جیاوازە لەو فیشەکە مەتاتیانەی پۆلیس بەکاریهێناوە بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، دەسەڵاتدارانی ئێران دەڵێن کە دەستێکی نادیار بە ئەنقەست (نەدا)یان بەو شێوەیە کوشتووە تاکو ناوناوبانگی ئێرانی پێ ناشرین بکەن لەئاست دەرەوەداو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشی پێ بوروژێنن، هەروەها فیلمەکە بەپێچەوانەی قسەکانی باڵیۆزی ئێرانەوەیە لە مەکسیک کە لەچاوپێکەوتنێکی کەناڵی (CNN)دا وتبووی نەدا لەلایەن دەزگایەکی سیخوڕی یەکێک لەدەوڵەتە ناحەزەکانی ئێرانەوە کوژراوە.

# کارگێڕانی ئاهەنگی ئۆسکار بیر لەشتێکی تازەتر دەکەنەوە

لە بەیاننامەیەکدا کە هەفتەی ڕابردوو لەلیژنەی سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵی ئۆسکار بڵاوکراوەتەوە هاتووە، کە کارگێڕانی ئەم ئاهەنگە جیهانییە بیر لەوە دەکەنەوە کاتی سازدانی فێستیڤاڵەکە پێشبخەنو بیگۆڕن. لەو بەیاننامەیەدا هاتووە کە دەستەی ئیداری بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵی ئۆسکار بیرۆکەیەکیان خستۆتەڕوو بۆ پێشخستنی کاتی سازکردنی فێستیڤاڵی ئۆسکار، لەراگەیاندنەکەدا هاتووە کە جاری ئەوە تەنیا بیرۆکەیەکەو بەس. چەند ساڵێکە ئاهەنگی ئۆسکار لە ٢٧ ی شوباتی هەموو ساڵێکدا دەستپێدەکات، لەکاتێکدا پێشتر دەکەوتە یەکەم دە ڕۆژی مانگی ئازار. بەیاننامەکە ئەوە تەئکید دەکاتەوە کە فێستیڤاڵی ئۆسکاری ٢٠١١ لەکاتی خۆیدا دەبێت واتە ٢٧ شوبات، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت ئەو بیرۆکەیە بکرێتە بەرنامە ئەوا بۆ ساڵی ٢٠١٢ پەیڕەوی لێدەکردەکرێت. جێی هێما بۆ کردنە کە ئاهەنگە ئەمساڵ ٣ ,٤١ ملیۆن بینەری ئەمریکی لەشاشەکانی تەلەفیزیۆنەوە ڕاستەوخۆ تەماشای مەراسیمی بەڕێوەچوونی ئەو ئاهەنگەیان کردووە. بەپێی ئەو بەیاننامەیە بیرۆکەی پێشخستنی مەراسیمەکە دەبێت بخرێتە مانگی کانونی یەکەمی هەموو ساڵێک، ئەگەر ئەوەش ڕووبدات، ئەوا چەندین دەزگاو ئاهەنگی دیکەی سینەمایی دەبێت بەرنامەکانیان بگۆڕن، لەوانە فێستیڤاڵی سینەمایی گۆڵدن گلووپ تاکو بتوانێت لە هەڵبژاردنی فیلمەکاندا کاریگەری خۆی لەسەر دەستنیشانکردنی باشترین فیلم بەجێبهێڵێت، کە تاکو ئێستاش هەروایە. هەروەها کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلمیش دەبێت بکەونە پەلە کردن بۆ ئەوەی لەو ساڵەدا فیلمەکانی خۆیان بەرهەمبهێننو لەهۆڵەکانی سینەماش نمایشی بکەن.




# تیپی نواندنی سلێمانیو (فیلەکەی خاوەن شکۆ)

(فیلەکەی خاوەن شکۆ) ناوێکی نامۆ نییە پێمانو ئەو شانۆگەرییەیە کە لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو بینەری ئێمە پێی ئاشنا بوو، هەڵبەت دووبارە نمایشکردنەوەی ئەو شانۆگەرییانە تاموچێژی خۆی هەیەو لەهەمانکاتدا بەبیرهێنانەوەی بەرهەمێکە کە لەبیرەوەری بینەری شانۆیماندا پێگەیەکی داگیرکردووە.

تیپی نواندنی سلێمانی، پاش ماوەیەک لەمەشقو ڕاهێنان لە خۆئامادەکردنن بۆ نمایشکردنی شانۆگەریی (فیلەکەی خاوەن شکۆ)، بەڵام ئەمجارە جیاواز لە بەرهەمەکەی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو و بەستایلێکی ترەوە کاری دەرهێنانی بۆ کراوە.




شانۆگەرییەکە لە نووسینی نووسەری شانۆیی عەرەب (سەعدوڵا ونووس)و وەرگێڕانو ئامادەکردنی هونەرمەند (کاوە ئەحمەد میرزا)و لەدەرهێنانی هونەرمەند (عومەر دڵپاک)و لەنواندنی کۆمەڵێک لەئەکتەری دیاری شاری سلێمانییە.

ئەم بەرهەمە نوێترین بەرهەمی تیپی نواندنی سلێمانییە کە بە بەشداری کۆمەڵەی کورتە باڵاکانی سلێمانی دێتە بەرهەمو بڕیارە لە ڕۆژی (٢٠١٠/٧/٣)و ڕۆژانی دوایی لەسەر هۆڵی شانۆی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان نمایش بکرێت.